## مەحمود سەردار:

# لە يارييە تاكەكان دەتوانرێ مەداليا و نازناو زياتر بەدەست بهێنرێت

مەحمود سەردار سەلام يەكێك لە ياريزانە هەر بەتواناكانی ياری تايكواندۆ لەسەر ئاستی كوردستان و عێراق خاوەنی ژمارەيەكی يەكجار زۆر مەداليا و پلەكانی يەكەمە لەسەر ئاستی كوردستان و عێراق و جيهان، ناوبراو لەچەندين پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی جيهان بەشداری كردووە و پلەی شايستەی بەدەستهێناوە خاوەنی ملوانكەی زێرو زيو و برۆنزييە لەسەر ئاستی جيهان، بۆ هەريەك لە يانەكانی هەولێرو ئاڵا و پێشكەوتن و كەرخ و ئەولاشترمای توركی و ئێستاش بۆ ماوەی شەش ساڵە ياريزانی يانەی شورتەی بەغدادە، ناوبراو لە دايك بووی ساڵی ١٩٨٨ی شاری هەولێرە خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرە لە بواری كارگێڕی وەرزشی ئێستا مامۆستايە لە كۆلێژی پەروەردەی وەرزشيی لە زانكۆی سەلاحەدين، ئێمە لە نزيكەوە چەند پرسيارێكمان ئاڕاستەی كرد ئەويش وەڵامی پرسيارەكانی گۆڤاری گوڵانی دايەوە.

ديمانە: كارزان كانەبی

* چۆن بوو خۆت لە نێو دنيای ياری تايكواندۆ دۆزييەوە؟

- من هەر لە منداڵيەوە حەزم لە يارييە كوشتارييەكان بوو، ئەوكات بەتايبەتی فيلمە يابانيەكان و چينيەكان زۆر باو بوو منيش خولياى زۆرم بۆيان هەبوو، ماڵمان لە ياريگای هەولێر زۆر نزيك بوو لە ساڵی ١٩٩٩دەستم بەياری تايكواندۆ كرد و لەلايەن ڕاهێنەر حوسێن عەبدولڕەحمان هاتمە نێو ئەم يارييە.

* ئاستی ياری تايكواندۆ چۆن دەبينی لە كوردستان؟

- لەڕاستيدا ئاستی ياری تايكواندۆ لە كوردستان باشە، بەڵام بەداخەوە نەبوونی پاڵەوانێتيی هۆكاری سەرەكييە بۆ دابەزينی ئاستی.

* هەست ناكەی ئاستی ئەم يارييە وەكو پێويست نييە بەهۆی كەمی كردنەوەی پاڵەوانێتيی؟

- بەڵێ بێگومان كەمی پاڵەوانيەتی هۆكارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی لايەنی دارايی، چونكە بەڕاستی نابێت تەنيا پشت بە حكومەت ببەسترێ بۆ كردنەوەی پاڵەوانێتی پێويستە ڕێكەوتن و هەماهەنگی بكرێت و سپۆنسەری كۆمپانياكان بكرێت، جگە لەوەش گرفت و ناحەزيانە هەيە لە نێوان ڕاهێنەرەكان و يەكێتييەكانی





تایکواندۆ ئەوانە هەمووی هۆکارە.

* به بۆچوونی تۆ چی بکرێت بۆ باشتربوونی ڕەوشی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان؟

- پێویستە هەموو لایەك ئینتمای حزبی و ناحەزایەتی بەلاوە بنێت و کار بکات بۆ پێشکەوتنی یاری تایکواندۆ بە زووترین کات یاسایەك لەلایەن پەرلەمانەوە دابنرێت کە کۆمپانیاکان ناچار بکرێن سپۆنسەری وەرزش بەتایبەتی یارییە تاکەکان بکەن، لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە وەرزش حکومەت ئەو بڕە پارەی کە کۆمپانیاکان دەدەن بە چالاکییە وەرزشیەکان یان یاریزانەکان بە ناوی سپۆنسەری لە باجی ساڵانەی کەم دەکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم سیستەمە نییە لە وڵاتی ئێمە کە سوود بە وەرزشکاران دەگەیەنێ.

* گرفتی ئەم یارییە لە چی دەبینی؟

- نەبوونی ڕاهێنەری ئەکادیمی و زیرەك چونکە یاریزانی باش درووست دەبێت لە کوردستان، بەڵام تا دەگاتە ئاستێك زیاتر پێشناکەوێت ئەمەش پێویستە ڕاهێنەرەکانمان زیاتر بەشداری لە کۆرسی ڕاهێنەری بکەن، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا ئەو کۆرسانەی ئەنجام دراوە زیاتر بۆ ڕاگەیاندن و پارە کۆکردنەوە بووە وە زیاتر بایەخی بە لایەنی جەستەیی و تەکنیکی داوە نەك لایەنی تیوری و تەکتیکی.

* بەرنامەت چیە بۆ داهاتووی خۆت؟

- ئەمساڵ بەشداریم لە ٣ پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی کردووە لە وڵاتی ئەڵمانیا و فەرەنسا و تورکیا توانیم لە فەرەنسا پلەی یەکەم و لە ئەڵمانیا لە جامی جیهانی پلەی نۆیەم بەدەست بهێنم، پەنا بەخوا لە مانگی داهاتوو بەشداری لە پاڵەوانێتی فەلەستینی کراوە کە بۆ کلاسی G1وە پاشان بەشداری لە پاڵەوانێتی روسیای کراوە دەکەم.

* وەك یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟

- خەونی وەرزشیم بەشداری کردنە لە یارییەکانی ئۆلۆمپیات، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی بەشداریم لە ئۆلۆمپیاتی ٢٠١٦لە ریو لە بەرازیل ئەمەش بەهۆی کەمی بەشدارییە نێودەوڵەتیەکانە، چونکە چەند زیاتر بەشدار بیت و خاڵ زیاتر کۆ دەکەیتەوە هەلی بەشداری کردنت زیاتر دەبێت، بەڵام دەتوانم بڵێم کە نیوەی خەونەکانم هاتەدی کە توانیم وەکو تاکە یاریزانی کورد لە ئاستی کوڕان بەشداری پاڵەوانێتی جیهان و جامی جیهانم کرد وەك یاریزان خاوەنی زۆرترین نازناوی نێودەوڵەتیم لە مێژووی کوردستان.

* دەڵێن بۆ بەشداری کردنت لە پاڵەوانیتیەکانی دەرەوە لەسەر گیرفانی خۆتان و سپۆنسەر دەچن ڕاستە؟

- بەڵێ ڕاستە دووجار بۆ جامی جیهان خۆشبەختانە کە کۆمپانیای ئەل وەتەنی بووە سپۆنسەرم هەموو خەرجییەکانمی لە ئەستۆ گرت من سوپاسیان دەکەم بە ڕاستی نموونەیەکی زۆر جوان بوو.

* بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان بکات ؟

- بە هیوای ئەوەم بەڵام سەرەتا کوردستان پێویستە ببێتە دەوڵەت ئینجا دەتوانێت ببێتە ئەندام لە یەکێتی تایکواندۆی جیهان ئێستا یەکێتی تایکواندۆی جیهان دانی بە ئۆتۆنۆمی کوردستان داناوە چونکە ڕاستەوخۆ نامە لەلایەن سەرۆکی یەکێتیەکەوە دکتۆر جۆ نێردراوە بۆ مامۆستا حوسێن کە هەموو کات پشتگیری تایکواندۆی کوردستان دەکەن.

* خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزش کردن؟

- بێگومان ئەوان هۆکاری سەرکەوتنەکانی منن هەموو کات پشتگیرم دەکەن.

* هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەکردوویت؟

- ئێستا یاریزانی یانەی شورتەی بەغدام لە ساڵی ٢٠١٠ تا ئێستا بۆ ئەوان یاری دەکەم، لەساڵی ٢٠٠٩ گرێبەستم لەگەڵ یانەی ئولاشتری مای تورکیا کرد لە شاری ئەنقەرا یەکەم یاریزانی پیشەگەری تایکواندۆم لە مێژووی کوردستان کە ئەو کاتە بەشداریم کرد لە پاڵەوانیەتی یانەکانی تورکیا و لەگەڵ یانەکەم توانیم پلەی سێیەم بەدەست بهێنم.

* پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چیە؟

- هیوادارم بەیەك چاو سەیری هەموو یارییەکان بکەن، چونکە بەڕاستی بە یارییە تاکەکان زیاتر دەتوانرێ مەدالیا و نازناو بەدەست بهێنرێت بۆ کوردستان، چونکە وەرزش تەنیا تۆپی پێی نییە.

* چیت ماوە لە کۆتایدا؟

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەردەوامە لە بەسەرکردنەوەی یاریزانانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی بەهیوای ئەوەم وەرزشی کوردستان لەم قەیرانە دەربچێت.








# پارترا بووە یاریزانی یانەی دۆرتمۆند

بەرگریکاری لاوی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانیا مارک پارترا، یانەی بارسێلۆنای بەجێهێشت و پەیوەندی بە یانەی بوروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی کرد.

بۆندی ئەو یاریزانە لاوە هەشت ملیۆن یۆرۆیە، لە یانە ئەڵمانییەکە شوێنی ماتس هۆمیلز دەگرێتەوە دوای ئەوەی ناوبراو پەیوەندی بە یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی کرد، ناوبراو لەم وەرزەدا بەشداری لە ١٣ یاری یانەی بارسا کرد.

پارترا پێشوتر لە یانەی ئیسپانیۆلەوە پەیوەندی بە یانەی بارسێلۆنا کرد، ناوی لە لیستی یاریزانانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا دایە بۆ بەشداری کردن لە یۆرۆ، بەڵام لە یانەی بارسا دەرفەتی یاریکردنی کەم پێدراوە.

پارترا تۆمارێکی دەوڵەمەندی لەگەڵ یانەی بارسێلۆنا هەیە، پێنج جار خولی ئیسپانیا و سێ جار جامی شای ئیسپانیا و دوو جار چامپیونس لیگی بەدەست هێناوە.



# کیرالی لە یۆرۆ دەبێتە بەتەمەنترین گۆڵپارێز

گابور کیرالی گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی تۆپی پێی هەنگاریا بە چل ساڵ ناوی دەچێتە مێژووی یۆرۆ وەك بەتەمەنترین یاریزان لە مێژووی پاڵەوانەیەتیەکە.

ڕاهێنەری ئەلمانی برند شتورك بڕیاری داوە پشت بە کیرالی بەتەمەن ببەستێت لە پێکهاتەی سەرەکیدا، ئەگەر بەشداری لە یارییەکاندا بکات دەبێتە بەتەمەنترین یاریزان و بەپێش لۆتەر ماتیوسی ئەڵمانی دەکەوێت.

کیرالی پێشتر لە یانەکانی هێرتا بەرلین، بایر لیڤەکوزن، وێست هام، ئەستون ڤیلا و فولهام یاری کردوە، بە ١٠٢ یاری خاوەنی ژمارەی پێوانەییە و زۆرترین یاری بۆ هەڵبژادەی هەنگاریا ئەنجام داوە.

کیرالی لە یاریگاکانی ئەڵمانیا و ئینگلترا بە تراکسودە درێژەکەی دەناسرێتەوە و ماوەی بیست ساڵە بەو ستایلە گۆڵپارێزی دەکات، ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە گەیاندنی هەڵبژاردەی هەنگاریا بۆ کۆتاییەکانی یۆرۆ لە ساڵی ١٩٩٢.



## بارسێلۆنا لە بەدەستهێنانی ئومتیتی یەک هەنگاوی ماوە

ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی دوپاتی کردەوە، سامویل ئومتیتی بەرگریکاری یانەی ئۆلەمپیك لیۆنی فەرەنسی لە پێوەندی کردنی بە یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی نزیك دەبێتەوە.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردوە یانەی بارسا لەگەڵ ئەو یاریزانە گەیشتۆتە ڕێکەوتن کە لەلایەن دیدیە دیشامپەوە بانگهێشتی هەلبژاردەی فەرەنسا کراوە بۆ یۆرۆ، چاوەڕێی وەڵامی یانە فەرەنسییەکە دەکەن.

لەلای خۆیەوە یانەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ ڕایگەیاندوە: ئومتیتی کە بەرگەز کامیرۆنییە، سەرەڕای ئەوەی ئۆفەری چەندین یانەی ئینگلیزی بۆ هاتووە، بەڵام ناوبراو یانەی بارسێلۆنای هەڵبژاردووە.

# عیماد..
# حەز دەکات هەر پێشمەرگە بێت

عیماد ئەسعەد کاپتنی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر کە ئەمساڵ توانی ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەکەی پێشکەش بکات و یانەکەی پلەی دووەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی بەدەستهێناوە، بە یەکێك لە یاریزانە بەهێزەکان دادەنرێت لە هێڵی بەرگری، لە ئێستاشدا هەر چەندە لەلایەن چەند یانەیەك گرێبەستی پێشکەش کراوە، بەڵام عیماد دوابڕیاری نەداوە و حەز بە یاریکردن دەکات لە ژێر سەرپەرشتی سەمیر بابۆی راهێنەر، لە بارەی دیاریکردنی دوا رۆژی وەرزشیی خۆیشی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ماوەی دوو وەرزە لە ریزی یانەی پێشمەرگەی هەولێر یاری دەکەم و هەست بە ئاسوودەییەکی زۆریش دەکەم کە بۆ تیپێك یاری دەکەم، ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیە، ئێستاش من هەر لەگەڵ ئەم یانەیە بەردەوامم و هەر چەندە بڕیارە لە رۆژانی داهاتوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆم لەگەڵ یانەکە لەگەڵ راهێنەری تیپ کاپتن سەمیر کۆببمەوە، بەڵام من خۆم بڕیاری ئەوەم داوە لە ژێر سەرپەرشتیی کاپتن سەمیر بابۆ بەردەوام بم، ئەگەر ئەو پێویستی بە تواناکانی من بێت.» لە بارەی پێشکەشکردنی گرێبەستیش لەلایەن یانەکانی دیکەوە عیماد گوتی: «چەند یانەیەك داوای یاریکردنیان لێ کردووم بۆ وەرزەکانی نوێ لە خولەکانی کوردستان، بەڵام من تاکو ئێستا لەگەڵ هیچ یانەیەك قسەم نەکردووە، چونکە من پەیوەست دەبم بەم یانەیەی کە کاپتن سەمیر راهێنەری تیپەکە بکات، ئێستاش من مەشق ئەنجام دەدەم بۆ ئەوەی ئاستی هونەریم دانەبەزێت، ئەمساڵیش خولی کوردستان ئاستێکی بەهێزی هەبوو، یانەکەی منیش یەکێك بوو لە تیپە هەرە بەهێزەکانی خولی کوردستان و توانیمان تا دوایین چرکە ساتەکانی خولەکە کێبرکێ بکەین لە خولی کوردستان، ساڵ بە ساڵیش خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەهێزیی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ.



# هاوکار لەتیف بەڵێنی بە کەس نەداوە

هاوکار لەتیف یاریزانی یانەی نەورۆز و هەڵبژاردەی کوردستان هەفتەی رابردوو لە ئەبغازیا-ی رووسیا بەشداری لە یارییەکانی کۆنیفا کرد بۆ هەرێمەکان، لە وەرزی یارییەکانی ئەمساڵیش توانی ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەی نەورۆز پێشکەش بکات، بۆیە زۆربەی تیپەکانی کوردستان چاویان لەسەر ئەم یاریزانەیە بۆ ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ واژۆ بکەن، بەڵام هاوکار بەڵێنی بەکەس نەداوە، لە بارەی مانەوە و رۆیشتنی لە یانەی نەورۆزیش هاوکار لەتیف بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەوەی راستی بێت چەندین گرێبەستم بۆ هاتووە لەلایەن یانەکانی دیکەی کوردستان بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێی خولەکانی کوردستان یاری بۆ تیپەکانیان بکەم، بەڵام من حەز ناکەم ئێستا ناوی هیچ تیپێك دیاری بکەم، واتە جارێك چاوەڕوانی ئەوەم بۆ ئەوەی لەگەڵ یانەی نەورۆز دابنیشم بۆ گفتوگۆکردنم لەسەر چارەنووسی خۆم، بۆیە جارێك سەیر دەکەم ئەگەر گەیشتمە رێککەوتن ئەوکاتە بەردەوام دەبم لەگەڵ یانەی نەورۆز و ئەگەریش نەگەیشتمە رێککەوتن ئەوکات قسەیەکی لێ دەکەین، بەڵام تاکو ئێستا من هەر یاریزانی یانەی نەورۆزم و بۆ یاریکردن بەڵێنم بە هیچ یانەیەك نەداوە.





# برایەتی بۆ گەیشتن بە خولی نایاب دەجەنگێ

برایەتی ئەمساڵ تەنیا لە خولی نایابی کوردستان توانی کێبڕکێی مانەوە لە خولەکە بکات، بەڵام ئێستا بە هەمان یاریزانانی خۆی و چەند یاریزانی یانەکانی دیکە دەیەوێت لە دەرگای یانەکانی عێراقییەوە خۆی بگەیەنێتە ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان و شان بە شانەکانی یانەکانی هەولێر و دهۆك و زاخۆ شە ری یانە گەورەکانی عێراق بکات، بەڵام ئامادەکارییەکانی یانەکە لە چاو هەوڵدانی ئەوان کەمە کە تەنیا بۆ ماوەی کەمتر لە هەفتەیەك مەشقەکانیان دەست پێکردووە و چاویان لە یاریزانانی یانەکانی دیکەیە کە بتوانن یانەکە بەم ماوەیە کورت و خێرایە بگەیێننە خولی نایابی عێراق، لە بارەی ئامادەکارییەکانیش فاتیح حەمەخان راهێنەری تۆپی پێی یانەی وەرزشیی برایەتی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئەمساڵ بەشداری دەکەین لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ گەیشتن بە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، هەرچەندە ئێمە لە کۆمەڵەیەکی قورسین کە شان بە شانی هەریەك لە یانەکانی گازی باکوور و دیالە و سەلاحەدین کێبڕکێ دەکەین، بەڵام ئومێدی زۆرمان بە خۆمان هەیە کە بتوانین بەم یاریزانە لاوانە ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین.» گوتیشی: «ئێمە ئامادەکاریمان وەکو پێویست نییە، چونکە تەنیا بۆ ماوەی کەمتر لە پێنج رۆژە خۆمان ئامادە کردووە تاکو ئێستا یاریزانانی ئێمە هەماهەنگییان لە ناو یاریگا لەگەڵ یەکتری نییە، جگە لەوەش ماوەی چەند مانگێکە سەرجەم یاریزانانی ئێمە دانیشتوون بە هۆی تەواوبوونی خولی کوردستان، دواتریش یانەکانی دیکەی بەشدار لەگەڵ ئێمە، ماوەیەکی زۆرە لە ئامادەکاریدان، منیش وەکو راهێنەر بەرنامەی خۆم داناوە بۆ ئەوەی بتوانین هەر شتێك بکەین و هەوڵی خۆمان بدەین بۆ ئەوەی تیپەکە بە قۆناخی باشتر ببەین لە خولەکە.» لە بارەی هێنانی یاریزانانیش فاتیح گوتی: «کۆمەڵێك یاریزانمان هێناوە لە یانەکانی دیکەی شاری هەولێر، بەتایبەت لە هەریەك لە یانەکانی هەولێر و هەندرێن و ئارارات، دوو یاریزانیشمان لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی هێناوە، جگە لەوەش چەند یاریزانێکی دیکەش کە لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستانن، بەڵێنی ئەوەیان بە ئێمە داوە کە بگەڕێنەوە و پێوەندی بە یانەی برایەتی بکەین، لە یەکەم یاریشدا برایەتی سەرکەوتنێکی گەورەی بە سەر سەلاحەدین تۆمارکرد.